ساڤایا ساڵی 2026 بۆ قسەکردن لەسەر یەکلاکردنەوەی 18 دەسپێڵ لە عێراق دەکاتەوە



مارک ساڤایا، نێردەی ئەمریکا لە عێراق ئەمڕۆ پێنجشەممە لەو پەیامەکدا پیرۆزبایی لەو عێراقییەکان کرد و ڕایگەیاند، ساڵی 2026 دەبێتە ئەو ساڵەی کە 18 کێشەی ناوخۆی عێراق چارەسەر دەکرێت، جەختیشی لەسەر پابەندبون بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق کردەوە بۆ دەستبەرکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ عێراق و گەلەکەی.

مارک ساڤایا لە پەیامەکەیدا کە بۆ بۆنەی سەرەتای ساڵی 2026، بڵاویکردوەتەوە نوسیویەتی، "بۆ گەلی عێراق، لە کاتێکدا پێشوازی لە ساڵی 2026 دەکەین، دەستزانێ هیواکانم بۆ ئاشتی و یەکێیزی و هیوای نوێبوونەوە، هەز و خەباگری ئەو ئیلهامبەخشە بۆ جیهان".

ئاماژەی بەوشکردوە، ساڵی نوێ دەرفەتی باشتر و سەقامگیری و ئایندەیەکی گەش بۆ هەمو عێراقییەکان دەهێنێت، "لەگەڵ حکومەتی کەماری عێراق کاردەکەین، لە چوارچێوەی دەستور و یاساکانی عێراق، بۆ دەستبەرکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ عێراق و گەلی عێراق".

نوێنەرەکەی ئەمریکا بۆ عێراق لەو پەیامەکەیدا باسی لەوەکردوە، "کاردەکەین بۆ ئەوەی ساڵی 2026 ئەو ساڵە بێت کە کۆتایی بە ناسەقامگیری، تاڵانکردنی سامانی وڵات، ناتەواوی

خزمەتگوزاری، بڵاوبونەوەی چک، قاچاغ، بێکاری، میلیشیا، سپیکردنەوەی پارە، نەزانی، گرژیی ناوخۆیی، گرێبەستی ساختە، هێزاری، نایەکسانی، گەندەڵی، دەربازبون لە یاسا، نادادپەروەری، دەستوەردانی بیانی و گەندەڵی بهێنین".

ئەوەشی خستوەتەڕوو، "ئێم پێیامە ئاماستەی ئەو کەسانە دەکرێت کە وەرانکارییان لە خاکی عێراقدا کردوە، سەردەمی ئەوە تەواو بوە و سەردەمی عێراق و عێراقییەکان دەستیپێکردوە، عێراق و ئاماکەی بە بەرزی و بە شەکاوەیی دەمێنێتەوە، مایەی شانازییە بە هەمو عێراقییەکان، ئێمەش هێشتا لە سەرێتادایین".